پشکۆ نەجمەدین

## چۆنت بنووسم؟!

ئەستەمە نووسینی (تۆ) لە شەوێکی ئەبەنووسدا...
مەیلی دەستێک بە کەناری کازیوەدا پەلم دەگرێ و
بە شوێنێکم دەگەیەنێ کە مشتێ تیشکی رووخسارت
لە رووخسارمدا دەڕوێت و
شتێک وەکو بۆنی سنگت هەستی نووسینم دەگرێت و
دەڵێ: هەستە!... لەودیو حەساری شیعرەوە بستێک بۆ نووسین نەماوە!.

2004 / 11 / 25

* * *

## تریفەی ماچ

شیعرێک دەنووسم،
پەیڤی لە ماچ و
کێشی لە ماچ و
مۆسیقای لە ماچ...
شیعرێک بە تەنیا لێوانرێژ لە تۆ!.
ئەمشەو دەتگەمێ، هێندەت ماچ دەکەم
تا دەبیت بە تیشک،
هێند ماچم بکە تا دەبم بە ئاو!.
ئەمشەو لە کەنار گۆمی غوربەتا؛
ماڵێک لە بەهەشت بە ماچ چێ دەکەین،
بەنەرمیی شنە دەرگای ماچ دەکوتین،
لەسەر تەختی ماچ رووت دەبینەوە.

ئەمشەو لە جامی گوڵڕەنگی لێودا،
خڵتەی شەرابی ماچ دەخۆینەوە!.
ئەمشەو لە بەردەم پەنجەرەی ماچدا،
گوڵەئەستێرەی ماچ هەڵدەفڕێنین،
دەبینە مانگ و بە تریفەی ماچ، شەو دادەپۆشین.
ئەمشەو دەتگەمێ....

ئاسمانی ئەوروپا
9یەنیوەریی 2005